الأمم المتحدة - العراق | United Nations Iraq

UNAMI

پەڕەی ڕاستی

#بۆ_عێراق_دەنگ_دەدەین

https://www.iraq.un.org

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەڕەی ڕاستی #6
## کۆتای ئافرەتان

**ئایا چوارچێوەی یاسایی چیە بۆ بەشداری کردنی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق؟**
بەشداری کردنی سیاسی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و یەکسانی ڕەگەزی لە ڕێگەی پابەندیە نێودەوڵەتیەکان و دەقە یاساییە ناوخۆییەکانەوە پشتیوانی کراون. وەک دەوڵەتێکی ئەندام لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەربارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان (ICCPR) و پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە دژی ئافرەتان (CEDAW)، عێراق ئەرکی دڵنیاکردنی بەشداری کردنو لە ژیانی گشتی هەیە بە بێ جیاکاری ڕەگەزیی. هەروەها، عێراق پابەندە بە بەدەستهێنانی ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام بوونی ژمارە 5 "یەکسانی ڕەگەزی و بەهێزکردنی هەموو ئافرەتان و کچان"، کە ئامانجی "دڵنیاکردنی بەشداری کردنی تەواو و دەرفەتی یەکسانە بۆ ئافرەتان بۆ سەرکردایەتی لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردان لە ژیانی سیاسی، ئابوری و گشتی."

دەستووری عێراق ڕێگری لە جیاکاری دەکات لە سەر بنەمای یەکسانی ڕەگەزی و فەراهەمکردنی مافی ئافرەتان بۆ بەشداری کردن لە کاروبارە حکومیەکان و چێژوەرگرتن لە مافە سیاسیەکان، بەلەخۆگرتنی مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن. هەروەها، دەستوور کەمترین کۆتا بۆ ئافرەتان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاری دەکات.

**ئایا کۆتای ئافرەتان چیە؟**
تەرخانکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو یان ڕێژەیەکی دیاریکراوی کورسی بۆ ئافرەتان بۆ پەرلەمان، لێژنەکان یان حکومەت.

**بۆچی کۆتای ئافرەتان گرنگە؟**
بەشداری کردنی ئافرەتان لە حکومەت یان پەرلەمان لە سەر ئاستی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی نزمە، و پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگیەک لە نێوان ئافرەتان و پیاوان کەوا پۆستە حکومیە هەڵبژێردراوەکانیان هەیە. کۆتای ئافرەتان ڕێکارێکی تایبەتی کاتیە کە لە لایەن CEDAW دارێژراوە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی یەکسانی و بەرەوپێشچوون بەرەو یەکسانی کۆتای ئافرەتان نوێنەرایەتی کردنی ڕەگەزیی.

**ئایا کۆتای ئافرەتان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران چیە؟**
بەگوێرەی دەستووری عێراق و یاسای هەڵبژاردن، نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان لە ئەنجومەنی نوێنەران نابێت لە ڕێژەی 25%ی کۆی گشتی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر بێت. پارتە سیاسیەکان پێویستە بە لایەنی کەم ڕێژەی 25%ی لیستی پاڵێوراوەکانیان لە پاڵێوراوی ئافرەت پێک بێت.

**کەمترین ژمارەی ئافرەتان چەندە کە پێویستە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێن؟**
پێویستە بە لایەنی کەم یەک کورسی بۆ پاڵێوراوێکی ئافرەت لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن تەرخان بکرێت. پێویستە لایەنی کەمی 83 کورسی بۆ ئافرەتان هەبێت لە کۆی 329 کورسیەکە. ئەوە نوێنەرایەتی 25.2% ی گشت کورسیەکان دەکات.

**ئایا دەشێت ئافرەتان لە 83 کورسیان زیاتر هەبێت (زیاتر لە ڕێژەی 25%ێ کورسیەکان)؟**
بەڵێ. دەستوور، یاسای هەڵبژاردن و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گەرەنتی کەمترینی 83 کورسی بۆ ئافرەتان دەکەن لە ئەنجومەنی نوێنەران. بەڵام، هەروەها ڕێگەش بە ئافرەتان دەدات کورسی زیاتریان بۆ تەرخان بکرێت، ئەگەر هەڵبژێردرێن.

**کورسیەکان چۆن تەرخان دەکرێن بۆ دڵنیا کردنی کۆتای ئافرەتان؟**
سەرەتا، کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن بۆ ئەو پاڵێوراوانە تەرخان دەکرێن کەوا بەرزترین دەنگ دەهێنن، بێ گوێدانە ڕەگەزیان. ئەگەر ڕێژەی کۆتای ئافرەتان لە بازنەیەکی هەڵبژاردن بەدی بێت بەگوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هیچ پرۆسەیەکی ئالوگۆڕکردن ڕوو نادات. ئەگەر ئافرەتێک هیچ کورسیەک نەباتەوە، ئەو پاڵێوراوە براوە پیاوەی کە دوایین کورسی بازنەکەی هەڵبژاردنی بردۆتەوە ئالوگۆڕ دەکرێت بە پاڵێوراوێکی ئافرەت کە بەرزترین دەنگی لە نێوان پاڵێوراوە ئافرەتەکانی هەمان بازنەی هەڵبژاردن هێناوە.

**چۆن کۆتای ئافرەتان لە ئاستی پارێزگا و بازنەی هەڵبژاردن دڵنیا دەکرێت؟**
بۆ نموونە، ئەگەر پارێزگایەک دوو بازنەی هەڵبژاردنی هەبێت (دانەیەکیان 4 کورسی هەبێت و ئەوی تریان 3 کورسی هەبێت)، ئەوکات کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گەرەنتی ئەوە دەکات کەوا هەر بازنەیەک پێویستە بە لایەنی کەم یەک ئافرەت هەڵبژێرێت. بەڵام، ڕێگری لەوە ناکەن ئافرەتان گشت کورسیەکانی ئەو بازنەیەی هەڵبژاردن ببەنەوە.

*سیناریۆی 1:* لە بازنەی هەڵبژاردنی یەکەم، ئەگەر ئەو پاڵێوراوانەی کە چوار کورسیەکە دەبەنەوە هەموویان ئافرەت بن، ئەوە کورسیەکان بە دەست دێنن. (ڕەنگە بازنەیەکی هەڵبژاردن گشت ئافرەتەکان هەڵبژێرێت، کە کار دەکاتە سەر کۆی گشتی ژمارەی ئافرەتان لە ئەنجومەنی نوێنەران.)

*سیناریۆی 2:* ئەگەر بازنەی یەکەم 4 ئافرەت هەڵبژێرێت، بەڵام بازنەی دووەم هیچ ئافرەتێک هەڵنەبژێرێت، ئەوکات کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گەرەنتی ئەوە دەوکات دوایین پیاوی براوە لە بازنەی دووەم ئالوگۆڕ دەکرێت بە پاڵێوراوێکی ئافرەت کە بەرزترین دەنگی لە نێوان پاڵێوراوە ئافرەتەکانی ناو بازنەی دووەم بەدەست هێناوە.

بەم شێوەیە، گەرچی بازنەی یەکەم 4 ئافرەتی هەڵبژارد بوو، و ژمارەی پاڵێوراوە ئافرەتەکان لە ڕێژەی کۆتای ئاستی پارێزگاکە زیاترە، پاڵێوراوی ئافرەتی بازنەی دووەم هێشتا کورسیەکی پێدەدرێت - چونکە لە ئاستی ئەو بازنەیەدا کۆتای بەدی نەهاتووە. لەم بارودۆخە گریمانەییەدا، دڵنیای ئەوە ناکرێت کەوا 5 ئافرەتەکە لە پارێزگاکە هەڵبژێردراون، کە 7 کورسی هەیە.

*سیناریۆی 3:* لە بازنەی دووەم، کە 3 کورسی هەیە، ئەگەر پاڵێوراوێکی ئافرەت کورسیەک بباتەوە (بێ گوێدانە ئەوەی لە ڕیزبەندی یەکەم، دووەم یان سێیەم بێت)، هیچ پرۆسەیەکی ئالوگۆڕکردن ڕوونادات. پاڵێوراوە براوەکان بەم شێوەیە کورسیان بۆ تەرخان دەکرێت.